www.kurdistannet.org
22/09/02 22:25

# بەدیکۆمێنتکردنی حوکمڕانی کورد
# لەساڵنامەی حکومەتدا

تاریق جەوهەر سارمەمی




لە ماوەی دەساڵەی حوکمرانی کوردی، تائەمڕۆ کاروانی ئاوەدانیو خزمەتگوزاری، گەلێ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوەی بینیوە، بە تایبەت کەلەم چەند ساڵەی دوایدا لەپاڵ بودجەی تایبەتی حکومەت. توانراوە سودێکی باش لە بریاری ٩٨٦ وەربگرێت وساڵانە سەدان پرۆژەی جۆراوجۆری خزمەتگوزاری لەسەرجەم بوارەکاندا ئەنجام بدا. گەرچی بەشی زۆری پرۆژەکان لە راگەیاندنەکانی کوردیدا لە کات وساتی خۆیدا بلاوکراونەتەوە، بەلام سەدان پرۆژەو بریارو دەسکەوتی بە نرخی حکومەت هەیە، کە خۆیان لە ماڵباتی پەیامی راگەیاندنەکاندا نەدۆزیوەتەوە، بۆیە دەرکردنی ساڵنامەیەکی ساڵانەی پر لەئامارو دەسکەوتی گرنگ وەك ئەوەی لەم رۆژانەدا کەوتە بەر دەستی خوێنەرانو خەلکی کوردستان مایەی رێزو دەستخۆشیکردنی هەمولایەکە، دەرکردنی ساڵنامەی لەوجۆرە، کەلەم چەند ساڵەی دوایدا بۆتە نەریتێکی باوی ساڵانەی راگەیاندنی حکومەت. لەم روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کەحکومەت دەیەوێ لەرێی ئەم ساڵنامەیەوە خەڵکی کوردستان لەهەمووبریار ودەسکەوت وپرۆژەکان ئاگاداربن، کەبەشێوەی ئامارێکی وردو زانستی بلاوکراونەتەوە. هەروەك دەکرێ ئەم سالنامەیە بەهەنگاوێکی باشی پاراستن و بەدیکیۆمێنت کردنی بریارو بەلگەنامەکان وئامارە ووردەکانی ئەو پرۆژانەی کەلەماوەی حوکمرانی هەریەك لەکابینەکان ئەنجام دراون لێکبدەینەوە. لەلایەکی تریشەوە ساڵنامەی پرۆژەکان، کە بەخەرمانی ساڵێك تەمەنیخزمەتکردنی کابینەیەی سێیەم دەژمێردرێ، دەرفەتێکی باش بۆ پسپۆرانی ناوخۆو بیانی دەرەخسێنی کە دەیانەوێ توێژینەوەی زانستی لەسەر قۆناغێکی دیاریکراوی ئەزموونی حوکمڕانی کوردی بکەن. راستە ئێمە خاوەنی دوو ئەزموونی پێشووی حوکمرانی کوردین لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو، کەخۆی لەهەردوو ئەزموونی حوکمرانی شێخ مەحمودو کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ دەبینێتەوە. بەلام بەداخەوە تائێستا خاوەنی بچوکترین ئامارو زانیاری پێویست نین دەربارەی ئەو کاروپرۆژانەی کەلەماوەی تەمەنی کورتی حوکمڕانی هەریەکەیان ئەنجامدراوە. بۆیە ئەم ساڵنامەیەو ئەوانەشی کەلەسالانی پێشوودا چاپکراون تارادەیەکی زۆر دەتوانن ئەو بۆشاییە گرنگ وگەورەیە پربکەنەوە، بەتایبەتی ئەوەی کەلەم سالنامەیەدا هاتووە، شتی خەیالی نین، بەلکو دەسکەوتی گەورەی تیایەو بەئامارێکی ووردی زانستی ودوور

لەزیادە رۆیی و پیاهەڵدان خراونەتە روو. کەم حکومەت هەیە لەم ناوچەیەدا بەم شێوەیە زانیاری ورد لەبارەی بریارو فەرمانەکان وخەرجی وداهاتەکانی خۆی بخاتە بەردەستی جەماوەر وبواری هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتنەوە. ئەوەی لەم ساڵنامەیدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە بەچاوخشاندنێکی خێرا بەنێو لاپەرەکانی، دەتوانی بگەیتە راستیەکان، بۆ ئەم مەبەستەش ئامارەکان خۆیان دێنە قسە، لەماوەیەکی کورتدا خوێنەران وشارەزایان دەتوانن لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی خۆیان لەبارەی ئاستی پرۆژە وخزمەتگوزاریەکان بخەنە روو. ناڵێم ئەوەی لەساڵنامەکەدا هاتووە ١٠٠٪ تەواوی خواستەکانی کۆمەلآنی خەڵك و پێداویستی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی کوردستانێکی وێرانکراوی جێبەجێکردووە. بەلآم لەرێی بریاری زیادکردنی مووچە ودەرمالەی بەشی زۆری مووچەخۆرانی کوردستان، تارادەیەکی باش توانیویەتی خزمەتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان بکا وپێویستیەکانی باشکردنی گوزەران وژیانی فەرمانبەران وکاروانی ئاوەدانی ولآت دابین بکا. بۆیە پێم وایە هەگبەی حکومەت بۆسالانی داهاتوو گەلێك بریارو دەسکەوت وپرۆژەیخزمەتگوزاری تری تیا دەبێ، کەبەهۆیەوە دەتوانرێ پایەکانی ئەزمونی حوکمرانی کورد ویەکمالی نێوان دەسەلات وجەماوەر پیتەوتر وبەهێزتر بکا. لەکۆتاییدا ماوەتەوە بلێین ئەوەی لەم سالنامەیەدا هاتووە کۆتایی هەموو شتەکان نیە بەرەوترۆپکی کەمال ولەخۆرازی بوون، بەڵکو خالی دەسپێك وسەرەتای خزمەتی زیاتری خەلك وئاوەدانکرنەوەی کوردستانە. هەموولاش دەتوانن بە سەرنج و رەخنەی بنیات نەرانە، پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکومەت بکەن و دەوڵەمەندتری بکەن!